# بەگومانم لەم باخچەیە هەناسەی پێببەخشم

## بۆتۆ..کە ئەم قسانەت جێهێشتو ڕۆشتی



ahmadali525@hotmail.com

حوزەیرانی2005

خودا...وەهمێکە لە بەرەژانەکانی ترس و زەلیلی ئێمە
ئەو...خۆی بەباخچەیەک داپۆشیوە لە مرۆڤ
باخچەیەک ڕەنگی لە تەنهایی و
بۆنی لەئارەزوی وجودێ لە سۆراخ
باخچەیەک ترساو لە باران
لە نیشتنەوەی پەپولە
لە ئاورڕشێنی ئێواران
لە گرمەی هەور و لە هەناسەی نا ئاشنای خۆر
لەوێدا ....
مرۆڤ بەرگی خوا لە پاکی و
خواش ترسی مرۆڤ لە فەنا بون ئەپۆشێ
لەوێدا ....
مرۆڤ جێگەیەکی ڕاخستوە لە گوناه
پاڵی بە دارێکەوە داوە لە گومان .....

من زۆر جار
بۆ وێرانی ئەم باخچەیە و
بۆ شێواوی فەسڵەکانی ئەگریەم
تورەم لە فێڵەکانی خوا
قەساوەتی بە عاتیفە پێ فرۆشتین
کە فرمێسکی بە پێکەنین لێ کرین ،، ،، ،،

زۆر جار بایەک دێ و
دڵی ئەم باخچەیە ئەبا
بارانێ ئەبارێ ورەنگی ئەشواتەوە

خەیاڵێک دێ ونەخشەکانی لێ تێک ئەدا
مەرگ دێتو وەڵامەکان
بە نهێنی جێ ئەهێڵێ .......

من گومانم لەم باخچەیە
هەناسەمی پێ ببەخشم
ئەم باخچەیە پارچەکانم چەپک چەپک تاڵان ئەکا
بۆنم بە ڕێبوارانی ئەبەخشێ
جەستەم ئەکاتە داهۆڵێک لە تەنیشت خۆی
بۆ ترساندنی ڕۆحی خۆم
نیگام لە سەر گوڵەکانی خۆی ئەسڕێتەوە
پێکەنینی لێوەکانم تەسلیمی گریانێ ئەکا ......

من ئەزانم
ڕۆژێ لە بیری ئەم باخچەیە ئەچمەوە
بە دەم کارەساتێکەوە ورد و خاش ئەبم
گەردەلولێک دێ و
هەر زەڕەیەکم بە سەر وڵاتێکا بەر ئەداتەوە
ڕۆژێ دێ
هاوڕێکانم وەک گەڵایەکی هەڵوەریو
ئەمخەنە نێو لاپەڕەی ڕابردویانەوە
ڕۆژێ دێ دۆستەکانم
قوژبنی ژورەکەم بۆ ئەو حەرفانە ئەگەڕێن لێم جێ ئەمێنێ
ماچە جێماوەکانی سەر جەستەم ئەبینن و
خاوەنەکەی ناناسنەوە
خەونەکانم لە سەر نوێنەکەم ئەدۆزنەوەو
کەسیان تەفسیریان پێ ناکرێ
ئەڕۆن هەواڵی دەنگی من لە با ئەپرسن
ئەچن سۆراخی دواین لەحزەکانم لە یار ئەکەن
ئەڕۆن ماچەکانم کۆئەکەنەوەو لێوێ نیە پێی ببەخشن
وشەکانی سەر لێوم بە تەنیشت یەکەوە دا ئەنێن و
ڕستەیەکی وەک خۆم شێواو پێک ئەهێنێ
دێن و لە فرمێسکە قەتیسماوەکانی چاوما
پێناسەیەک بۆ مەرگی من ئەدۆزنەوە

ئەوان دێن و وەک مناڵێ
وێنەکانم لە دیواری ژورەکەم ئەسێننەوە
دێن و نامەکانم بۆ خاوەنەکانیان ئەنێرن
پڕ زەرفێک لە بۆنی ژورەکەم بۆ ژنێ ئەنێرن
کە من دوا پیاوی دووری بووم
لەخۆیانا بۆم ئەگەڕێن
بە هەموویانەوە شتێ کۆئەکەنەوەو لەمن ناچێ
هەر کەسەو لە منا بۆ خۆی ئەگەڕێ
بەڵام تەنیا کەسێکم تیا ئەدۆزنەوە لە منا خۆی جێهێشت
خۆی لە منا بیرچووەوە
کەسێ لە گەڵ هەناسەیەکا هاتوو
لە گەڵ ڕۆحما دەر نەچوو .....

من ئەزانم
ئەم چیرۆکەی من بە نیهایەت ناگاو کۆتایی دێ
ئەم هەناسانەی من لە قوڕگما جێ ئەمێنن
ئەم هاوارەی من بە گوێی کەس ناگاو
یەخەی پەنجەرەکەشم بەر نادا .....

ڕۆژێ دێ وا تێئەگەم
دایکم لە سەر ئەو ڕێگەیە ئەمرێ
چاوەڕوانە لەوێوە بگەڕێمەوە
تا ئەمرێ باوەڕ بە کەس ناکا
من بۆ ئەبەد نایەمەوە
تا ئەمرێ ناتوانێ ئەو نامەیە بخوێنێتەوە
دوا قسەی من بوو لە گەڵ ئەو
وای لێ دێ هەر ڕێبوارێ بە تەنیشتیا تێبپەڕێ
ناونیشانی ژوورەکەمی لێ ئەپرسێ
وای لێ دێ دڵی بە تارمایم ئەکرێتەوە
ڕەسمی شوێن پێکانم ئەکێشێ ،
زەمانێ،، کە تەنها بەرگی شینی خوشکەکەم و
چاوی گریاوی براکەم پێم دەڵێن
ئەو بە دەم چاوەڕوانیەوە ڕۆشت و نەهاتەوە نـــــــــــا
پێم دەڵێن ئێوارەیەک لە بەر دەرگا

هەناسەی بە کۆڵان بەخشی
چاوەڕوانی لای شەقام بە جێهێشت ....

هێی ئینسان
ئە ی کائینێک لە چەشنی پەلکە زێڕینەی پڕ لە ڕەنگ
ئەم باخچەیە پڕە لە غروور
غرووری ئەو ئێوارانەی دواجار
فریای کۆکردنەوەی خۆیان ناکەون
ئەم باخچەیە پڕە لەو گوڵانەی
موعجیزەیەک لەم بستە زەمینەیا کۆیکردونەتەوە
پڕە لەو گەڵایانەی
بۆ وەرینی یەکتر دڵۆپێ فرمێسک نارێژن
پڕە لە هەناسە سواری ئە ڕۆحانەی
تاشە بەردی ئەم ڕوبارە هەپرون بە هەپرونی ئەکا
ی ئینسانێە
تۆ پڕی لە نابینایی ئەو ڕۆحانەی
ئێواران ڕێگەی ماڵیان لێ ون ئەبێ
پڕی لەو نهێنیانەی
بە شاراوەیی هەناسە ئەدەن و بە دزی ڕۆحتەوە ئەمرن
پڕی لەو گەڵایانەی لە چاوی منا وەرین و
ئیتر دەستیان بە لقێک نا گاتەوە
پڕی لەو تەفسیرانەی عاقیبەت مانایەک نابەخشن
لەو بۆچونانەی
بەرائەتی کەون یەقین بە گومانی نادا
لێواولێوی لەو شەوە بەهارییانەی
ئەو شەوە مەستانەی
بە دەم لەتر دانەوە هەتاو کاڵی کردنەوە
لەو ئێوارانەی
پێکەکان فریای خاڵی بونەوە نەکەوتن
من فریای ڕژان نەکەوتم
ڕژان لە هەناسە ئەزەلیەکانی وجود
لە سەما ئەبەدیەکانی کامڵبون
لەو ماچانەی
بە دەم ماڵئاواییەوە جۆگەیەک فرمێسک رایماڵین

له گله‌یی ئه‌و ڕۆحانه‌ی
ناچاری فه‌نابونت کردن
له نزای ئه‌و موسافیرانه‌ی
نا به‌دڵ ،دڵشکاو ،ڕۆشیتن و نه‌هاتنه‌وه .....

هێی باخچه
تۆخبه‌ره‌وه به ڕه‌نگه ناسکه‌کانی خۆت
تکا له ده‌ریا بکه که سه‌وزایت پێببه‌خشێ
به ڕه‌نگی مه‌غریبان بڵێ
به سه‌ر گه‌ڵاکانتا بباریێ
برۆ شه‌ونم ئاشت که‌ره‌وه
تۆزی گوڵه‌کانت ڕامالێ
تینوی بۆنی بارانێ به هه‌وای ئێواران بیهێنێ .